# به هۆی باوکمەوە مامۆستام ناسی

من بە هۆی باوکمەوە مامۆستا جەمالم ناسی, دوای کارەساتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی, زۆرجار مامۆستام ئەبینی, لەساڵی 1977دا چوومە مەسلەکی پۆلیسەوە.. بەهۆی مامۆستاوە پەیوەندیم بە ڕێکخستنی کۆمەڵەوە کردو چەند کەسم راکێشایە ناو ریزەکانی ڕێکخستن. زۆرچەك و تەقەمەنیمان بۆ شۆڕش پەیداکرد, لەسەر بڕیاری مامۆستاو مامۆستا شێخ سەلاح تاڵەبانی دوای ئەنجامدانی چالاکییەك لە قەڵادزێ بە لێدانی مونەزەمەو ئیستیخباراتی قەڵادزێ لەگەڵ (12) پۆلیسدا چوومە دەرەوە .

ساڵی 1978 لە کارەساتی هەکاریدا جارێکیتر هاتمەوە سلێمانی, پەیوەندیم بە مامۆستاوە کردەوە, زۆر ڕێنماییکردم, لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ مندا گەڕابوونەوە پەیوەندیمان بە مامۆستاوە کردەوە.

کاتێ ساڵی 1979 مامۆستا گیراو دوای ئازادکردنی چووم بۆ لای, ڕۆژێ لەگەڵ شەهید مەغدیدی برام لە گازینۆی (تارا) سێ قۆڵی دانیشتین و ڕێنمایی زۆریکردین, لە ساڵی 1980دا گیرام و دوای بەربوونم جارێکی تر پەیوەندیم بە مامۆستاوە کردەوەولەسەر ئامۆژگاری مامۆستا لەگەڵ چەند برادەرێکیتردا دەستمان بەکارکردەوە.. ڕۆژێ هەردوکمان بە ئوتومبیلەکەم بەناو شاری سلێمانیدا پیاسەمان ئەکرد, بەبەردەم مونەزەمەدا ڕۆیشتین وتم خۆزگە ڕۆژێ ئەبوو ئەم مەقەرە دەبوو بەهی خۆمان, وتی دڵنیابە لە دواڕۆژدا هەروادەبێ.. دەبێ ئێمە هەر هەمووومان ئەو بڕوایەمان هەبێت .

لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی خێزانیمان زۆربوو, ڕۆژێ لەماڵی خۆیان بە بەدری خانی خێزانی وت: بەدری من تووشی هەر شتێك بووم, تۆ بەپەلە ئاگاداری داراو مەغدید بکە, کە لە ساڵی 1981دا گیرا, بەدری خان بەپەلە ئێمەی ئاگادارکرد, دوای ئازادکردنی لە ماڵی مامۆستا ئەحمەد سەرسپی نەشرەو بەیانێکی زۆری لێبوو, ئاگاداری کردم کە لەگەڵ هاوڕێ نزارو حەمە سووردا بیانگوێزینەوەو هەموو شتەکانمان گواستەوە پێش ڕۆیشتنی بۆ دەرەوە, لە دوکانەکەی حەمە سوور یەکترمان بینیو خواحافیزیمان لەیەك کرد, کە لە ساڵی 1983دا مەغدیدی برام شەهیدبوو مامۆستا بەو بۆنەیەوە نامەیەکی بە هاوڕێ نزاردا بۆ ناردمو بۆی نووسیبووم ئەگەر بمەوێت بچمە دەرەوە, پێیانخۆش دەبێت, لە نامەکەدا زۆر ڕێنماییو ئامۆژگاری کردبووم, ئەمە کورتەیەك یادەوەریم بوو لەگەڵ شەهیددا.

دارای کوێخا عەبدوڵڵا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com